# لەمانگی ئاداردا...
# فرمێسکی خۆشی ودڵتەزێن تێکەڵ بەیەکدی دەبن



بەدرێژایی مێژوو، بەتایبەتی لەمێژووی گەلی کوردستانی عێراق، مانگی ئادار چەندین جەژن ویادو بۆنەو ڕووداوی گرتۆتەخۆ کەجەماوەری کوردستان بەشکۆوە پێشوازیان لێ دەکات وئاهەنگیان بۆدەگێری.

لەهەمان کاتدا هەر لەمانگی ئاداردا چەند ڕووداوی دڵتەزێنیش هەن کەویژدانی هەموو مرۆڤپەروەرێکی جیهان رادەهەژێنێ، گرنگترینیان کیمیابارانی هەڵەبجەیە لە١٦ی ئاب ساڵی ١٩٨٨ (٥٠٠٠) هەزار کەس لەخەڵکی ئەم شارە شەهیدبوون و(١٠٠٠٠) کەسی دیکەش بریندداربوون. (١)ی ئادار کەدەستپێکی مانگی ئادارە، ئەورۆژە خەمناکەیە بەکۆستی ماڵئاوایی بارزانی نەمر دەستپێدەکان ودوارۆژیش پەلاماردانەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراقە بۆ سەر کوردستان، لەبەرئەمەیە لەمانگی ئادار زۆر جاران فرمێسکی خۆشی ودڵتەزێن تێکەڵ بەیەکدی دەبن وجەژن وخۆشی وسەرکەوتنمان لەکەڵ کۆست ونەهامەتی ئاوێتەی یەکدی دەبن.

بێجگە لەڕووداوی دڵتەزێن ڕۆژانی خۆشی وسەرکەوتن وجەژنیش کەم نین (٥)ی ئادار ڕاپەڕین لەکوردستان لەشاری ڕانیەوە دەستی پێکرد تا(٢٠) ئادار کەرکوکیش ئازادکرا (٨) ئادار جەژنی ئافرەتانی جیهانە: (١١)ی ئادار ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی مێژوویی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ یە، (١٤)ی ئادار ڕۆژی لەدایک بارزانی نەمرە، ٢١، ٢٢ و٢٣ ی ئاداریش جەژنی نەورۆزە و(٣١)ی ئادار یادی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقە.

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانی ماتەمینی یاددەکرێنەوە، جەژنەکانمان پیرۆز دەکەین دەستخۆشی گەرمیش لەحکوومەتی کوردستان وهەموو ئەودلسۆزانە دەکەین کەبۆ ئاییندەیەکی ڕووناکتری گەلەکەمان ڕەنج دەکێشن.

**بیث عەنکاوە**

# ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، پەناگیری بۆ پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدا



کاتژمێر ١١:٠٠ی پێش نیوەڕۆی ٢٠١٠/٣/١٥ ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەبەشداری سکرتێری لیژنەی چاودێری و سکرتێری لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی پەناگیری خۆیان ڕاگەیاند بۆ ماوەی پێنج خولەک، بەرامبەر بەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە لەسەروبەندی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

سەرەتا نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە وتەیەکی کورتدا باس ئەو دوو ڕاپۆرتەی کرد کە لەلایەن لیژنەی داکۆکییەوە لەکاتی هەڵبژاردندا ئامادەکراوەو پیشتیوانی ئەنجوومەنی سەندیکای بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان دەربڕی. لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند، دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەنێردرێ.

پاشان ئەنوەر حوسێن سکرتێری لیژنەی داکۆکی دەقی ڕاگەیاندراوەکەی خوێندەوە، پاشان پێنج دەقیقە ئامادەبووان پەناگیری خۆیان بۆ پشتیوانی لەڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاند.

# شەڕە ئۆتۆمبێل...

**سەباح شامایا**

هاولاتییان نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن گەربێت دووسێ ساڵی تر حکوومەت کونترۆلی هاوردەی ئۆتۆمۆبیل نەکات، بەراستی کێشە وگرفتی هاتووچۆو گەورەتر دەبێت وشەڕە ئۆتۆمبێل لەشەقامەکاندا پەرەدەسێنێت. شەقامەکانی ناو پایەتەخت ودەوروبەر پڕ بوون



لەئۆتۆمۆبیل، کارەسات و ڕووداو لەزیاد بووندایە، هەر چەندە حکوومەت چەند بریارێکی دەرکرد بۆ کەم کردنەوەی قەڵەباڵغی شەقامەکان یەک لەو بریارانە قەدەغە کردنی بەکار هێنانی ئۆتۆمبێلەکانی حکوومی پاش دەوام بوو، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم بریارە بەتەواوی پەیرەونەکراوە.

پێش ماوەیەک یاسایەک لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ پەیرەودەکرا بۆ ئەوکەسانەی ئۆتۆموبێل دەکڕن دەبوایە (ڕەقەم) بۆ ئۆتۆمبێلەکەی بەکڕینی ئۆتۆمبێلێکی کۆن وپەککەوتە بۆ تەفلیش کردن و ڕەقەمەکەی بەکاری دەهێنا بۆ ئۆتۆمبێلی خۆی، بەڵام بەداخەوە دابەش کردنی ڕەقەم بۆ کریارەکانی ئۆتۆمبێل بە مەبلەغێکی زۆر وبەجیاوازی ئۆتۆمبێلەکان خرایە ئەستۆی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ ودەستی کرد، بەفرۆشتنی ڕەقەمی ئۆتۆمۆبیل وکێشەی قەڵەباڵغی زیاد کرد، پێویستە حکوومەت وپەرلەمان لەکۆبوونەوەکانیان چاو بەم کێشەیە بخشێنن جارێکی تر کڕیاری ئۆتۆمۆبیلی نوێ بەرپرس بێت لەدابین کردنی ڕەقەم بۆ ئۆتۆمبێلەکەی بەکڕینی ئۆتۆمبێلێکی کۆن بۆ (تەفلیش) کرد، لەم کردەوەیە قازانجی بۆ حکوومەت وخاوەن ئۆتۆمبێلە کۆنەکەدەبێت لەلایەک ئۆتۆمبێلێک لەشەقام کەمدەبێت وهاوسەنگی دروست دەکات ولەلایەکی تر خاوەن ئۆتۆمبێلە کۆنەکە لەزەرەروزیان دوور دەکەوێت.

هەروەها پۆلیسی هاتووچۆ پێویستە وئەرکە یاسای هاتووچۆ پەیرەو بکەن وسزای ئەو شوفێرانە بدات کە ئۆتۆمبێلی حکوومی پاش دەوام بەتایبەتی ئەوانەی مۆلەتی بەکارهێنانیان نی یە بەشێک لەقەڵەباڵغی شەقامەکان کەمدەکاتەوە.

# من و ژیان.....

**لەتیف عەنکاوی**

من وژیان...
وەکو گوڵێکی سەر زەوی ئەگرین
من وخۆشەویست
ناومان نووسراوە لەسەر بەردی چیا
من وبیرەکەم
وەکو فرمێسک لەئاوی تاواوە
لە مێژە تۆ لەخەیاڵم دابووی
ناوت لەسەر پەلکی دڵم نووسرابوو
لەپێش چاوم ئاسۆیەک دیار بوو
دەرگەی دڵت بۆمن کرابوو
وەرە دەست بە دەست بنێین
لەشایی ژیان هەڵپەڕین
من وشیعرەکەم
وەکو خەونێک لەئاسمان دەفڕین

هەموو پیتەکانم لەگەڵت ماوە
ڕۆحی من بەڕۆحی تۆ چرایە
بپرسە لەخەڵک وئەو خوایە
دەرمانی نەخۆشی من لەگەڵ تۆ دایە
چەند لەدوور هەڵدێم بۆت
لەمێژە بەژنت بەدەستم ڕاگیرایە
لەبەیانی تاشەو
سنووری دڵم بەتۆ ناسراوە
حەز دەکەم پێشکەشی ماچە کانت کەم
من لە دەرگای تۆم
هاتوو چۆی پێش کۆڵانت
لەدەشت وگەڕەکانی نیشتمانت
من بخەرە بەهاری گوڵەکانت
بمژم بەڕۆحم لە ئاوی ژیانت
چاو شین، چاو ڕەش، چاو زەرد

هەموو پێشکەشی چاوەکانت
تەنها ناوی تۆ دەزانم
لە گەڵ بەفری زستان
ولەگەڵ سەوزی ئەرز
ولە گەرماوی هاوین

بەئارەزووی خۆم تۆم هەڵبژارد
لەبەینی هەموو ئافرەتان
بەرێکخستن ساڵ بپارێزین
هەردووکمان پێکەوە
تامردن.....



# جەژنی قیامەی مەسیحییەکان پیرۆزبێت

بەبۆنەی جەژنی قیامەی مەسیحییەکان، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم مەسیحییەکانی کوردستان و سەرجەم مەسیحییەکانی جیهان دەکەین هیوادارین ئەم جەژنەیان بەخۆشی وکامەرانی لە کوردستانی هاوژیانی برایەتی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی وئایینی ولەسایەی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا بۆ بگەڕێتەوە. جارێکی تر جەژنی (قیامەت) لەهەموو خوشک وبرا مەسیحییەکان پیرۆزبێت وهەردەم لەخۆشی وشادی دابن.

**دەستەی نووسەرانی**
**بیث عەنکاوە**



# هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری تیپی (ئور)ی هونەری لە عەنکاوە



لەرۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٠/٣/١٩، هەڵبژاردنی دەستەی کارگێری نوێ بۆ تیپی (ئور)ی هونەری ئەنجام درا بەئامادە بوونی نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری ونوێنەری پارێزگای هەولێر کاتژمێر (٦) ئێوارە لەهۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کەلدان، (٢٨) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندام ئامادە بوون، (٩) ئەندام خۆیان پاڵاوت بۆ ئەندامیەتی دەستەی کارگێری، دوای تەواو بوونی پروسەی دەنگدان وکردنەوەی سندوق وجیا کردنەوەی پسوولەی دەنگەکان (٥) پێنج ئەندام بۆ دەستەی کارگێری تیپی (ئور)ی هونەری دەرچوون بەکۆی دەنگ دەستیان هێناوە بەرامبەریان تۆمار کراوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | ڕێبین توفیق یوسف | ٢٥ | دەنگ |
| ٢. | طاهر سعید متی | ١٩ | دەنگ |
| ٣. | مهیب صباح بهنام | ١٩ | دەنگ |
| ٤. | دیلون سلیم شمعون | ١٩ | دەنگ |
| ٥. | ستیڤان سامی صلیوا | ١٤ | دەنگ |

**ئەم بەرێزەی خوارەوە بەئەندامی یەدەگ دەرچوو**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | فیدل ماجد بویا | ١٠ | دەنگ |

پاش ئەنجام دانی یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی کارگێری بەرێز مهیب صباح بەسەرۆکی تیپەکە هەڵبژێردرا.